# له خاچدانی ئازادی نه‌ک دراما

## محه‌مه‌د جه‌زا به‌رزنجی



سه‌رده‌می به‌عس که به‌سه‌ر ده‌می نه‌بونی ئازادی و دیموکرسی و کپ کردنی ده‌نگه‌کان ده‌ناسرا ، هه‌ر کات و له هه‌ر بوارێکدا فشاری ده‌زگائه‌منیه‌کان و به‌رپرسه‌کان بۆ سه‌ر لایه‌نه جیاوازه‌کانی کۆمه‌ڵگه بهاتایه ، کارێکی ئاسایی رۆژانه بوو خه‌ڵکیش ئه‌و یه‌قینه‌ی لابوو هه‌موو فشاره‌کان و هه‌موو سانسۆر و ته‌سککردنه‌وه‌ی بواره‌کانی ئازادی ده‌رئه‌نجامی ره‌فتاری رژێمێکی دکتاتۆری تۆتالیتاری و شۆڤێنیه به هه‌موو ماناکانیانه‌وه، له‌و زه‌مه‌نه‌دا زۆر به‌رهه‌می هونه‌ری شآنۆیی و درامایی پێشکه‌ش ده‌کران و به‌ر له پێشکه‌شکردن ده‌خرایه به‌ر مقه‌ستی سانسۆر و جه‌هاله‌تی به‌عس و زۆر دیمه‌ن و رسته‌یان یان لێ ده‌قرتان، به کوردی و به‌کورتی سه‌روگوێلاکیان ده‌کرد، که‌چی گه‌لێ به‌رهه‌می به تواناش پێشکه‌ش ده‌کرا که ئاوێنه‌ی زه‌مینه‌یه‌کی تاڵی ئه‌و سه‌رده‌مه‌بوون، لێره‌دا – شانۆگه‌ری جه‌نابی موفه‌تیش – ده‌هێنینه‌وه یاد و ده‌یکه‌ینه نمونه، چون جورێک له لێکچون و تێگه‌یشتنێک له ماناکان له‌گه‌ڵ درامای– ئاریا–دا له‌یه‌کتریان نزیک ده‌کاته‌وه، ئه‌م دووبه‌رهه‌مه له دوو زه‌مه‌نی جیاوازدا به‌رهه‌م هێنراون و پێشکه‌ش کراون، زه‌مه‌نی ترس و تۆقاندن و نه‌بونی ئازادی له‌گه‌ڵ زه‌مه‌نی 16 ساڵ پاش راپه‌ڕین و زه‌مه‌نی ئازادی و به دیموکراسی بوون و زه‌مه‌نی شه‌ڕی نێوان گۆڕانکاری و جه‌هاله‌ت، له _ جه‌نابی موفه‌تیش– دا باسی ده‌سه‌ڵه‌ته‌کانی ئاغا و پیاو کوژه‌کانی ئاغا و هاو په‌یمانی و هاو سفره‌یی قائمقامێکی ده‌به‌نگ و به‌رژه‌وه‌ند په‌رستی قازی و مه‌لا و زۆر له لێپرسراوه‌کانی تری به‌رتیل خۆر و ئازار به‌خش به کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک، دیمه‌نه‌کان له‌رێی ده‌رخستنی که‌موموڕیه‌کانی به‌رپرسان به قازی و مه‌لاشه‌وه دیمه‌نێکی هه‌زه‌لی پێکه‌نیناوی بوون کێ هه‌یه به ره‌فتاره‌کانی جه‌نابی قائمقام پێنه‌که‌نیبێت که ئه‌و پۆسته بۆخۆی ته‌مسیلی حکومه‌تی ده‌کات، کێ هه‌یه به جه‌نابی قازی و ره‌فتاره‌کانی به جبه‌یه‌که‌وه پێنه‌که‌نیبێ ، هه‌روه‌ها رۆڵه‌کانی تری نێو به‌رهه‌مه‌که ، که‌سیشێ له‌سه‌ر نه‌گیرا و پێشکه‌شکردنی به‌رهه‌مه‌که‌ش رانه‌گیرا ، درامای–ئاریا– هێشتا که‌س نه‌یدیوه ، ته‌نیا چه‌ند هه‌لقه‌یه‌ک پێشکه‌ش کراوه، کۆتاییه‌که‌ی چۆن دێته‌وه و سوکایه‌تی به کێ کراوه و به کێ نه‌کراوه، ئاشکرا نیه ، ئه‌وه‌ی ده‌مه‌وێ بیڵێم: یه‌که‌م ناوی که‌سێکی تایبه‌تمه‌ندی تێدا نه‌هاتوه هه‌تا به هێمایه‌کی شاراوه‌ش بێت، دووه‌م تاکه‌ی شته بڤه‌کان، که‌سانی پله و پایه پیرۆزه‌کان له کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا بمێنێته‌وه ، چ مه‌لایه‌ک هه‌یه له کۆمه‌ڵگه‌ی کوردیدا ده‌یان نوکته و سه‌رگوزشته‌ی له سه‌ر خودی مه‌لا لا نه‌بێت، چ مه‌لایه‌ک هه‌یه نه‌زانێت چه‌ندین مه‌لا هه‌نه ئاین بۆ به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانی خودی که‌سایه‌تی خۆی به‌کار ده‌هێنێت، ئه‌ی به‌ر پرسانی ولاته‌که‌م..! کوا ئه‌و په‌یمانانه‌ی له‌سه‌ر ئازدی ده‌تاندا به میلله‌ت..!؟ شۆڕش بۆ چی کرا و قوربانی بۆچی درا..!؟ ، به‌رپرسانی ده‌سه‌ڵاتدار نه‌ک ئێوه زۆر له ئێمه‌ی میلله‌تیش ده‌زانین دیموکراسی و ئازادی ئه‌وه نیه که سنوری ئازادی یه‌کێکی تر ببه‌زێنی ، به‌ڵام باسکردنی دیارده دزێو و نه‌گه‌تیفه‌کان سنور به‌زاندن نیه ، ئه‌و که‌مو کوریانه‌ی له رێی درامایه‌کی وه‌ک ئاریاوه پێشکه‌ش ده‌کرێت ئاشکراکردنی به‌شێک و جۆرێکی تری رێچکه‌کانی گه‌نده‌ڵیه که هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌ی گرتۆته‌وه،

**قسەمان لەسەر ئاریا نیە لە روی هونەریەوە سەرکەوتوە یان نا، مەبەست کپ کردنی دەنگەکانە ، یەکێتی زانایانی ئاینی لەگەل رێزدا ئەمڕۆ دەسەڵاتیان بەدەستەوە نیە و ئەوانیش وەک رێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکانی تر دوابەستەی پارتێکی سیاسین و بەو جۆرە هەڕەشە و فشار بۆ سەر هونەرمەندان دەهێنن، جا ئەگەر هاتوو دەسەڵاتیان کەوتە دەست، دەبێ چیبکەن..!؟، ئاخر بەرێزانم چەندین مەلا هەیە چاو باشقاڵە، چەندین روداوی سەیر لەسەر حوجرەکان لە کتێبەکاندا نوسراون و دەماودەم دەیانگێڕنەوە، مەرج نیە کە مەلا بوو هەڵە نەکات، لەو چەند هەڵقەیەدا باسی رەفتاری مەلایەک کراوە ، باسی ئایەت و سورەتی قورئانی پیرۆز نەکراوە تا سوکایەتی بێت بۆ دین ، پیاوانی ئاینی بەرێز رەخنە گرتن لە دیاردەیەکی خوار سوکایەتی نیە بەڵکو هەرکەس هەڵگەری بیروباوەڕێک بێت جا ئیتر دینێ بێ یان دونیەوی و وەک ئەرکانەکانی ئەو بیرو باوەڕەی رەفتار نەکات ئەوە سوکایەتی کردنە بە بیریو باوەڕەکە جا ئیتر دینێ بێ یان دونیەوی..!**